# ڕێوی لە کون خۆی هەڵگەڕێنەوە گەڕدەبێت

نوسینی / عەزیز

پێشمەرگەی لقی سلێمانی
حزبی سوسیالیستی کوردستان / عێراق

# ڕیۆی لە کون خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕدەبێت

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

خوێنەرانی بەڕێز :

ئەم نامیلکەیەی لەبەردەستان دایە لەسەنگەری پێشمەرگایەتیدا نووسراوەو بریتیە لە وەلامدانەوەیەکی واقیمانەی وتارەکەی رزگار عبدالله کە گوفاری (ماموستای کورد) لە سوید دەردەچیت لە ژمارە (٣) دا بوی بلاوکردوتەوە کەئەلیت ( ئاش بەتالی کورد حەتمیە ) منیش وەکوپیشمەرگەیەك لەگەل ریزمدا بو گوفاری ناو، براوو دەستەی نووسەرانی ، بەئەرکی سەرشانم زانی کەوەلامی بدەمەوە بو ئەوەی ئەو دیاردەیە تەشەنە نەکات و هەموو پینووس بەدەستیك خوی بەنووسەر نەزانیت و قەل ئاسایی نەقرێنێت بەدوای گەلەکەماندا وهەموو بیرو رایەکیش ئازاد نی یە ، چونکە بیرو رای ئازادو هەلسەنگاندنی مروفانە هەمیشە ناگونجیت لەگەل پی شیل کردنی مافی مروف و گەلان و بریندار کردنی هەست و حوکم دانی کویرانە ، هیوادارم لە ناوەروکدا نیشانم شکاندبیت و نەبیتە هوی نیگەرانی نووسەرو ئەدەب دوست و روشنبیری گەلەکەمان بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی ولات دەژین

لەو باوەڕەشم مەسەلەکانم بەڕوونی لیک جـــودا
کردبیتەوە ەدا وای لی بوردنیش ئەکەم لەکەمو
کوڕی و بەسەنگ فراوانی بەوە ڕەخنەو بیروڕای گەل
دوست وەر ئەگرم .

نوسەر .
قەرەداغ / ئەیلولی /١٩٨٧

هەواڵنامەی کتێب

لەم هەل و مەرجەناسکانەی ئەمرودا کەگەلەکەمانی پیدا تیپەر ئەبیت ، نووسەرو شاعیرو ئەدەبدوستی گەلەکەمان ، پیویستە شان بەشان هەلگرانی مەشخەلی خەبات و لە شورشی چەکداری هاوتەریب لەگەل چەکدا لە خزمەت کردندا بەردەوام بن . ئەگەر لە واقیعی رووداوەکان و لە چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە لە پەنای سەنگەری پیشمەرگەدا بەشیکلەو کەلینانەی ناو ئەدەبی کوردی پر بکەنەوە . دیارە لەگەل هەلمەت و پەلاماری شورشگیرانەدا بەرهەمی نووسەران و شاعیرانیش ئەچنە ناو جەماوەرو بو هەتا هەتاشە لە میژووی گەلەکەماندا وەکو بەرهەمی سەردەمی شورشی سەر بەرزانە ئەمیننەوە .

ئەو بەرهەمانەی لە ماوەی ئەم چەند سالەدا نووسەران و شاعیرە دلسوزە شورشگیرەکان لە سەر شاخەکانی کوردستان و لە ژیر ئاگرو ئاسن و بومبا و فروکە مەرگهینەرەکانی رژیمی بەغدا و بەکەمترین ئیمکاناتەوە پیشکەشیان کردوە ، بەناو هەموو هیزی پیشمەرگەو بەناو دیهاتەکانی کوردستان و بەناو شارەکاندا بلاوبوونەتەوە ، بگرە لیشیان گەیشتوتە دەرەوەی ولات ، لەم هەل و مەرجیکی سەخت و دژوارەدا شایانی ریزو تەقدیریکی زورە بەماندویتی بەرهەمی زیندووی نووسەران دەوری شورشگیرانە ئەبینی لە شورشدا ، بەشیوەیەک هەستی بەرزو روحی شیرینی روشنبیرە دلسوزەکانی ئەجوولاندو بەرەو شاخەکانی کوردستان بەری ئەکەوتن ، چ لە شارو چ لە لادی و چ لە دەرەوەی ولات . لەلایەکی تریشەوە پیشمەرگەی لە سەنگەردا دەبزواندو ورەو هیواو ئاواتی لەناخدا زیاتر ئەکردو

هەوالنامەی کتیب

گیانی بەرگری و خو راگرتنی پتەو تر ئەبوو .

واقیعی ئیستای گەلە ستەمدیدەکەمان کاریکی وای کرد نەک هەر لەناو شورشدا بگرە لە دەرەوەی ولاتیش چەند برادەریکی نووسەرو شاعیرو ئەدەب دوست و دلسوزی گەلەکەمان لە ئەوروپا خویان ماندو بکەن و بەر هەرچی زەحمەت و ناتەواویەک بیت چەند گوفارو روژنامەو نامیلکەو پوستەرو هەوالنامە بلاو بکەنەوە ، چ لە شیوەی ریکخراوی غەیرە رەسمی یا چەند کەسیک سەریان پیکەوە ناوەو هەول ئەدەن ، ئەو هەولدانەش لە ئەوروپا و لە کوردستانیش جیگای خویان کردوتەوەو ریزیان لی ئەگیری .

گوفاری ( ماموستای کورد ) کە لە سوید دەر ئەچی تا کاتی ئەم نوسینە ئیمە (٣) سێ ژمارەمان بینیوە ، ئەو گوفارەش لە لایەن چەند برایەکی دلسوزەوە بلاو ئەکریتەوە ، گەلیک بابەت وباس و هەوالی باش بەزمانیکی ریک و پیک تیدایە ، جیگای سەرنج بوو لە ژمارە (٣) سێ دا بابەتیکی بلاو کردوتەوە. هەرچەندە سەر نووسەری گوفارەکە پیشەکی یەکی نووسیوە کە بیرو رای ئازاد لە گوفاری ناو براو بلاو ئەکریتەوە ، ئیمە پیمان وانی یە ئیدانەی کردن و سووکایەتی کردن بە موقەدەساتی گەلیک کە خاوەن میژوویەکی پر سەروەری یەو بەچارە نووسی هەزاران کەسی لاوو پیرو مندال و ئافرەت و سووکایەتی کردن بە خوینی ( ١٧٢٠ ) شەهید زیاترو سەدان کەسی دەست و پا براو گوج و زامدار ، لە سەنگەری بەرگری دا و بەشورشیک کە (١١) یانزدە سالی رەبەق بی وچان لەخەباتی سەختی خویناویدایە

هەواڵنامەی کتێب

٣ ئیمه پیمان وانی یه گوفاریک قسه‌ی
ساویلکانه‌و دوور له واقیعی که سانیکی گومان لیکراو بلاو بکاته‌وه
گوایه بیرورا ئازاده ٠
( رزگار عبد الله ) ناویک وتاریکی توندی بلاو کردوته‌وه‌و ئه‌لیت
( ئاش به‌تالی کورد حه‌تمیه ) ، شورشیک چه‌ندین حزب و
ریکخراوو شه‌خسیات و نووسه‌رو شاعیرو ئه‌ده‌ب دوست و روشنبیرو
ئافره‌ت و پیرو مندال و لاوی به‌جه‌رگ و نه‌ترسی گه‌ل سووته‌مه‌نی
بن و به هه‌زاران شه‌هید دا بیت ٠
ئیتر بو ئه‌بی ( رزگار عبد الله ) به‌ناوی هه‌موو کوردی ئاواره وه
هه‌موو به‌گیل و گومان لیکراو دوژمن بزانی و ئاش به‌تالیش
حه‌تمی بکات ٠
بزوتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی گه‌لی کورد که ئه‌مرو له‌ناوچه‌که‌وروژهه‌لاتی
ناوه‌راست و جیهاندا ناسراوه‌وبه‌به‌شیکی گرنگ و نه‌پسناو
له بزوتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی جیهان له قه‌له‌م ده‌دریت و ، شورشی
گه‌لیکی ژیر ده‌سته و زه‌بری توندی له رژیمی ره‌گه‌ز په‌رستی به‌غدا
وه شاندوه‌و ، ئه‌و شورشه‌یه‌که بوته‌دا ییکی گه‌وره به سه‌رسنگی
ئیمپریالیزم و کونه په‌رستان و دوژمنانی کوردو شه‌رخوازانی
ناوچه‌که‌و جیهانه‌وه ٠ ئیتر بو ئه‌بی ئه‌و شورشه چاوه‌روانی
ئاش به‌تالی لی بکرینت
حال له دوو فه قه‌ره به ده‌ر نی یه
ئه‌بی ( رزگار عبد الله ) نه‌ک هه‌ر باوه‌ری به خوی نه‌مابی ، به‌لکو
باوه‌ری به هه‌موو بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی گه‌له‌که‌ی و شورش
له دووریشه‌وه نه‌مابی ، یاجا سوس‌و کاسه‌لیسه‌ی لایه‌نیکه‌و له سه‌ر

داواو خواستی ئەو وتاری بلاو کردوتەوە ٠
بارودوخی ئیستای کوردستان کە ئاشتبوونەوەی گشتی بالی هیمنیو گیانی برایەتی و هاوکاری و هاوخەباتی بە سەر هیزی پیشمەرگە و بە سەر جەماوەری کوردستاندا کیشاوەو هەموو لایەنە سیاسیەکان بە گیانیکی برایانەوە لە یەك سەنگەردا بەیەك دەنگ و بە بی جیاوازی بیرورا ، بەتیکرایی دژی داگیرکەرو دوژمنان ئەجەنگن و گورزی جەرگبر لە دوژمن ئەدەن ، ئەو بارو دوخە تازە یە لە میژووی گەلەکەماندا شورشی خستوتە قوناغیکی تازەی زیاتر متمانە بە سەرکەوتن و پشت بە ستن بەجەماوەری خوراگرو قارەمانی گەل ٠

لەو کاتەی کوبوونەوەی سەرکردایەتی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پەیتا پە یتا بەردەوامەو بەرنامەی ( بەرەی کوردستانی ) لە بەر دەستدا یەو چاوەری ی دەرچوون و بلاو کردنەوەی بەرنامەی بەرەی کوردستانی ئەکری ، لەدوای ئەوەی ( ٥ ) پینج لایەنی سیاسی کوردستانی عیراق بەیاننامەی کو بوونەوەی بەرەی کوردستانیان بلاو کردەوە ، ئەبوایە گوفاری (ماموستای کورد) ژمارەیەکی تەرخان بکردایە بو ئەو هەموو هەول و تەقەللا دلسوزانەی ( حزبی سوسیالیستی کوردستان / عیراق) بو ئاشت بوونەوەو هاوخەباتی نیوان هەموو هیزەکان و بە پیرەوە چوونی هەموو لایەنەکان لە تەبایی ناوخودا ٠

سەرەرای شەری هاو بەشی هیزە سیاسیەکان لە دژی رژیم و سەرکەوتنی شیرانەی هیزی هاوبەشی پیشمەرگە لە چەندین

شەرو نەبەردی قارەمانانەدا ٠

دیارە ئەگەر گوفاری ( ماموستای کورد ) هاوبەشی ئەو گیانی برایەتیو هاوخەباتیەی ئیستای کوردستان بوایەو زیرەکانە لە سەر سیاسەتی پلانی دا هاتووی‌شی بکردایەتەوەو لە سەری بنووسیایە ئەو کاتە گوفارەکەزیاتر بلاو ئەبووەوە چ لە ئەوروپا یا لە کوردستان ٠

گوفاری ( ماموستای کورد ) نەدەبوو هەموو پینووس بەدەستیکی بە ماموستادا بنایەو ریگەی خەلکی روخاوی بدایە ببنە دەستەی نووسەرو ، نابوو هەموو بیرو رایەکی بە ئازاد دا بنایە ، بەلکو دەبوایە بەو جورە نوسینی بلاو بکردایەتەوە کە بەلای کەمەوە لەدەرگای چەند راستیەکی ئیستای شورشی بدایەو تا رادەیەك ببوایەتە مایەی دلخوشی گەلی کوردو بەزەقیش پشتگیری کاروانی خەباتی بکردایە ، نەك وشەیەکی ترسناك و تالی وەك ئاش بەتالی ( رزگار عەولای ) دابراوی هەموو نەریتیکی کوردەواری بخاتە بەردەستی خەلکی تینووی ئازادی لە کوردستان و لە دەرەوەش ٠

وتارەکەی ( رزگار عبد الله ) وەلامی وتاریکی ( پەیامی شورشی کوردستانی عیراقە ) کە لە کوردستان لە ئیستگەی ( حزبی سوسیالیستی کوردستان ) ەوە بلاو کراوەتەوە ٠ ئەو رزگارعبداللەیە زور بێ ویژدانانە خوی کردوە بە خاوەنی و وەلامی داوەتەوە ، ( ماموستای کورد یش ) بوی ریکخستووەو بوی بلاو کردوتەوە ٠

وتارەکەی ( پەیامی شورشی کوردستانی عیراق ) مەسەلەکانی جیا کردوتەوەو دەست نیشانی کردون ، هەرچەندە دەبوو زیاترو بەرونتر لەیەکی جیا بکردابایەتەوە ٠ ئیمە کارمان بە سەر هیچیانەوە نیە ، بەلکو ئەمانەویت ئەو مەسەلەیە

وەکو دیار دەیەك زیاد تەشەنە نەکات و هەندی کەسانی دوور وڵات و دوور لە رووداوەکان تووشی هەڵە نەبن .
ئەو خەڵکانەی ئەچنە دەرەوە هەموویان وەك یەك نین ، پێویستە لەو بارەیەوە شتێك بڵێین و لە یەکیان جیا بکەینەوە

بەشی یەکەم

ئەو قوتابیانەی لە کوردستانداە یا لە شارەکانی تری عیراقدا نابنە بەعسی و لە خوێندنگاکاندا ، لە سەرەتایی و ناوەندی تا زانکو یا دوا پلەی خوێندن ، رژێمی فاشی ئەوەندە کوسپ و رێگای خوێندنیان و چەندین جار بیانوویان پێ ئەگرێ و تەشقەلەیان پێ ئەکات ، یا گرتن و کوشتن و لە سێدارەدان ناچاریان ئەکات واز لە خوێندن بهێنن و لە رێگای لایەنە سیاسیەکانەوە یا لە هەر رێگایەکی ترەوە بە هەرچی کولەمەرگیەك بێت ، بو ئەوەی رەنجی چەند ساڵەیان بە فیرو نەروات خویان دەرباز ئەکەن بو وڵاتانی ئەوروپا ، بو ئەوەی لە پاشە روژدا خزمەتێکی خویان وگەلەکەیان بکەن ، ئەمانە جێگای رێزو تەقدیرن ، هەرکەسێك یا هەر لایەنێك پێی ئەکرێت و دەسەڵاتی هەیە هەقی خویەتی یارمەتیان بدات ، ئەمانە نەوەی داهاتووی پاشە روژی گەلەکەیانن و تەواو کردنی خوێندنیان و پەیدا بوونی کومەڵێك زاناو پسپورو شارەزاو ئەندازیارو دکتورو دکتوراو روشنبیر .
بنیاتنەری نیشتمانی پاشە روژن ، ئەو بەشە هەقیان

بە سەر هەموو گەلی کوردەوە هەیە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بە هەموو حزب و ڕێکخراوەکانیەوە ، بە هەموو فیکرو بیروباوەڕەکانیەوە

## بەشی دووهەم

ئەوانەی لە ڕێگای حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە بەئیشی خۆیان یا بۆ خوێندن و بە ئیشی شۆڕش و گەل ئەچنە دەرەوە ، ئەمانەش جێگەو ڕێگەیان دیارەو لومەیان لە سەر نیە و ئەیانەوێ خزمەت بە گەل و شۆڕشەکەیان بکەن و خوێندنی خۆیشیان تەواو بکەن ٠

## بەشی سێهەم

ئەو نووسەرو ئەدیب و شاعیرو ڕوشنبیرانەی خەلکی هوشیارن و لە بەر زەبرو زەنگ و شەڕو هەرای کوردستان ماوەیەکسی زۆرە چوونەتە دەرەوە یا ئەچنە دەرەوە ، لەگەل ئەو بارو دۆخە نالەبارەی کە ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا هێناویەتیەکایەوە ناتوانن بژین و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش نەگەیشتوتە ئەو قوناغە کە ئیمکاناتی زۆرو زەبەندی هەبێ و جێگای ئیسراحەت و هەموو پێویستیەك، وەکو چۆن خۆیان ئەیانەوێ بۆیان دابین بکات ، ئەوانە ناچار ئەچنە ئەورووپا و بەپەنا بەر وەر ئەگیرێن و لەوێش دەستەوسان دانانیشن ، بەلکو بەردەوامن لە خزمەتی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و ئەوەی بۆیان بکرێ ٠

ڕەنجێك، ئەدەن بە نووسین و وەرگێران و ناساندنی گەلەکەیان بە ولاتان و ناساندنی فەرهەنگ و ئەدەبی ولاتان بە کورد ، کارێك، ئەکەن ، گوزەران و ژیانی سەختی گەلەکەیان بە جیهان

ئەناسینن و ئەکەونە دەرکردنی روژنامەو گوفارو بلاو کراوەو دەنگی کپ کراوی چەوساوەو زەحمەت کیشی کورد ستان ئەخەنە بەرد ەم خەلك و بیرو رای ولاتانی جیهان ٠ ئەم جورە کە سانە زور لـــە شەخسیاتە ناسراوەکانی کورد ستانیان تیدایەو زور لـــە روشـنبیران و نووسەرانی ناسراوو تازە پیگەیشتویان تیـدا یە ، ئەمانەیش هەر جیگای ریزن و ئیمەیش بەئاواتەوەیـن روژیـــك دابی بە ئازادی و سەربەستی لە نیشتمانەکەی خومانـــدا بەیەکەوە بژین و لە نزیکەوە خزمەت بە نەتەوەکەمان بکەیـــن ٠

بەشی چـوارەم

---

کەسانیکن وازیان لە پیشمەرگایەتی هیناوەو لەئەنجامـــی شەرێناو خوو سەرماو گەرماو نەخوشی و نەخوشی فیکریــــەوە گەیشتونەتە ئەوروپاو ژیانیکی زەحمەت بەسەر ئەبەن و نەیــان ویستوە تەسلیمی رژیم ببنەوە ، ئەمانیش ماوەیەك خزمەتیکیـان کردوەو دەستیان لی ناشوردری و هیوای ئەوەیان تیدایــــە کە هەمیشە لە بەرەی خیرخوازی گەلدا بمیننەوەو ریگـــەی خویان لی تیك نەچیت ٠

بەشی پینجـەم

---

ئەمانە هەندیك کەسانن ناتوانن لە ولات بژین و پیشمەرگەبـــن و نەسەربازی بو رژیم بکەن و نەجاشایەتیش قبول بکەن ، ئەمانـــە هەز ئەکەن سەربازی بکەن ، بەلام لە مردن ئەترسن و نایکـــەن ، هەز لە پیشمەرگایەتی ئەکەن بەلام لەمردن ئەترسن و زور خویـــان

خوش ئەوی و نایکەن ، ئەمانە ناتوانن خویندنەکەشیان تەواو بکەن ، ناتوانن کریکاری یا هەر شتیکی دیکە بکەن ، کە ژیانی خویان و خیزانیان مسوگەر بکەن ، دیارە چاکە لە خزمەتی رژیمدا نامیننەوەو پشتی لی ئەکەن ، بەلام دوو یان سێ مانگ سەربازی ئەکەن ، هەر گەیاندیاننە بەرەی شەر پایدوزی لی ئەکەن و خویان دەرباز ئەکەن و لە سەر سنووری عیراقەوە بە هەزارو یەك پەرو بیانوو خویان تەسلیمی ئیران ئەکەن و هەموو ناخوشیەك و سوکایەتی یەکی ئوردوگای پەناهەندەکان قبول ئەکەن و لەویشەوە بو دەرەوەی ولات .

ئیتر بیر لەوە ناکەنەوە میللەتەکەی خویان لە چی وەزعیکدا جی هیشتوەو روژانە خەلکی بی تاوانی کوردستان تەنها تاوانیان ئەوەیە کە کوردن ، دەکوژرین و لەناو مال مندال و جیگەی خویاندا دەسووتیندرین ، ئەمانە لە ناو جەماوەردا بایەخیکی ئەوتویان نیەو بەگشتی ( بەترسنوکەکانی کوردستان) ناسراون ، ئەمانە ترسەکەیان ئەوەندە زوردارە ، هەموو پەلە قاژەیەکیان بو راکردنە لە کوردایەتی ، هەرکە گەیشتنە ئەوروپاش سەریان لی ئەشیویت و تووشی گیژاوی فیکری و راراییەکی لە ئەندازە بەدەر ئەبن و ژیان و گوزەرانی ئەوروپاشیان بەزەحمەت بەر ئەکەوی و دونیای جیاوازی ئەوروپا سەریان لی ئەشیوینی و ناتوانن ریگەی راست بوخویان بدوزنەوەو سەرگەردان ئەبن ، زەلیلانە بە هەموو ئیشو کاریکی نزم و بی بایەخی ئەوروپا رازی ئەبن و سووکایەتی

بە خویان و خەلکی ئەوروپا ئەکەن هەر بو ژیاندنی خویان و تیر کردنی ئارەزووەکانیان •

کەسیک بو خویندن نە چیتە دەرەوە ، بو بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەکەی نە چیتە دەرەوە ، بو ئیشی تایبەتی گەلەکەی نە چیت ، ئایا مروفیك لە پیناوی بەختەوەریدا ئەبی لە نیشتمان و لە کوشی خزم و برا و دایك و باوك و دوست و ئازیزاندا ، بە شەرەف و کەرامەتەوە نەبی ، ئاخو مردنیکی زەلیلانەی ئەوروپا کە پاش چەند روژ مەگەر ( شارەوانی ) فریی دا تە گورستانیك و بشاردریتەوە!!
ئا ئەوە هەلویست و ژیان مەعیشەتی پی ئەلین ؟، یا سەر شوری و قبول کردنی هەموو زەلیلی یەك !! حەیفە مروف بە سەر بەرزی لە نیشتمانی خویدا ئەمری •

زور جیگەی داخە ئەوانە ئەو ژیانە سەگ مەرگی یە قبول ئەکەن و پشت لە گەلەکەیان هەل ئەکەن و پاشە روژیش زمان دریژی ئەکەن !!

ئیمرو روژگاریکە دوژمنانی نەتەوەی ئیمە هەموو هەولیك ئەدەن بو نە هیشتن و فەوتاندنمان بو ویران کردنی شارو گوند و سووتاندنی تەواوی نیشتمان و کویر کردنەوەی کانی و ئاوو سەر چاوەی ژیان و بنە برکردنی وجوودی نەتەوایەتیمان ، دوژمنانی کوردو کوردستان ، سووکایەتی بەدایك و خوشك و برا و کەس و نیشتمانەکەمان ئەکەن ••
ئەیانەوی شەرەف و کەرامەتمان بروشینن !

ئەی غیرەتو مەردایەتی و هەلویستی شورشگیرانە چی لێ دی
ئەگەر پشت لەم وەزعە هەلکەین و رابکەین بو ئەوروپا .. خەلکینە
، ئەگەر خومان خومان نەپاریزین ، کەس خەم خورمان نیە !!
شەرمی هەزاران دیهاتی ویران کراوو با شەرمی گـــوری
شەهیدەکانمان بمانگری !! بالە بەر زرەی زینجیـــری
سیدارەی قوربانیەکانماندا شەرم بمانگری !! بالە ئـــازاری
هەزاران لاوی کولنەدەرو هەزاران پیرو ئافرەتو مندالـــی
تاریکایی زیندانەکان شەرم بمانگری !!

بابگەریینەوە لای رزگار عەولاو بچینەوە مەبەستی سەرەکـــی
توو سینەکەمان .

کاک رزگار ئەلی حزبی سوسیالیست بەمردووی یا بەنەزوکـــی
لە دایک بوە .

ئیمە جەماوەری گەل لەدوای هەرەس هینانی شورشی ئەیلـــول
ئەکەینە شایەدی ئەو راستیانە ، کەلە کاتیکدا بالـــی
نائومیدی بە سەر گەلەکەماندا کیشرابوو ، ( بزووتنـــەوەی
سوسیالیست ) وەکو ریکخراویکی پیشکەوتنخوازی کوردســـتان
دەستی کرد بە هوشیار کردنەوەی جەماوەرو قوتابیانـــی
شورشگیرو لەناوەراستی ( ١٩٧٦ ) دا قولی خەباتی لی هەلکردبوو ،
ئەو کاتە کاک رزگار عەولا چاوی نەتروکابوو !! لەو کاتەدا
( بزووتنەوە ) بریاری شورشی چەکداری داو بەکەمترین ئیمکاناتەوە
هەلبژاردەی چاکترین رولە فیداکارەکانی خوی ناردە دەرەوەی
شارەکان و لە چیا سەربەرزەکانی کوردستانەوە تروســـکایی

هەواڵنامەی کتێب

ئاگری شورشیان بەرز کردەوە ، لەو کاتەدا رزگار عەولا ئەگەر ناوی پیشمەرگەی ببیستایە لە جیی خوی دەست نویژی ئەشکا !!
ئایا حزبیك بە مردووی لە دایك ببی ، خاوەن تیکوشەریکی وەکو شەهید ( سەیدا صالح یوسفی ) دەبیت ؟ ، کە سکرتیری بوو ، هەموو ژیانی هەرخەبات و زەحمەت و تیکوشان و زیندان و هەولدانە ، تا بەدەستی رژیمی فاشی شەهید کرا !
حزبی سوسیالیستی کوردستان / عیراق خاوەنی شەهیدانی وەکو سەیدا صالح و تاهیر علی والی و دکتور خالیدو عەلی عەسکەری و ئەنوەری مجید سولتان و قادر شورش و ئەحمەدی فەقی رەش و ملازم جەمال و کازدو گەلالی و شیرکوی شیخ عەلی و عەلی هەژار و سەعدی عەزیزو دەیان کادیری تیکوشەری عەسکەری و تەنزیمی وەکو سەید سەلیم و شینە بوّلی و عبد الله سوورو رووف بەگ و رؤوف خەلیفە سەعیدو دەیان کادیرو سەدان پیشمەرگەی قارەمانی شەهیدی ترە !!
تائیستا زیاتر لە ( ١٧٢٠ ) شەهیدی حزبی سوسیالیست ، بە ( ١١ ) یانزدە سال وا پی ئەنیتە ( ١٢ ) دوانزدە سالەوە خەباتی بەردەوام و زەبر پیکەوتن و سەختی و دژواری بینیوە هەر خوی راگرتووەو دەوریکی کاریگەرانەشی بینیوە لە ئاشت بوونەوەی گشتی و دەرگا کردنەوەی ئاشتی لە بەردەم لایەنەکانی تردا .
حزبی سوسیالیستی کورد ستان دەست پیشخەری یەکی چاکی کردوە لە پیکهینانی بەرەی کوردستانیدا ، ئەو برایانەی دوورن لە

ولات و واقیعی ولات ، مەگەر لەرۆژنامەو رادیوی بێگانەوە شتێك دەربارەی واقیعی ئێستای كوردستان ببیستن .

كەسانی وەكو رزگار عەولا كەهەلاتوون و نیشتمانەكەی خویان بە وپان و بەرینە لی بووە بەگوریچە قەبرو جیگایان نابیتەوەو ژیان و مردنی سەربەرزانەیان بەژیان و مردنی زەلیل و نزم گوریوەتەوە ، باتفەنگ بەتاریكی یەوە نەنین و لەدوورەوە هیچیان لی وەر ناگیریت ، با بینەوە ناو واقیع و ئەو قسانەبكەن !! با پرسیار لە خەلكی شورشگیر بكەن و دەنگ و باسەكانی كوردستان وەر بگرن .

ئەوەیان كردوە بەبیانوو ( شەری برا كوژی هەیە ) ، دیارە شەری برا كوژی خزمەتی بزووتنەوەی كورد ناكات ، بەلام شەری براكوژی بەدەسیسە و مەبەستی كەسانی بی تەجروبەو هەلپەرست و مەرام خراپ دروستبوو ، ئەوەی شەری براكوژی پی خوش بووبی ، با ئیستا كە ئاشت بوونە و وەی گشتی لە ئازادایەوهیزەكان بەوپست وخواستی خویان بەرەی كوردستانی پیك دینن ، باسەریان بدەن لەبەردو ئیتر ئازاوەو نیازی خراپ لەبەردەم خواستی جەماوەرو خواستی هیزی پیشمەرگەدا كە هاوخەباتی و برایەتی یە جیگەی نابیتەوە .

ئەوانەی ئەو بیانووەیان هەیە ، ئەوەندە لە پاركی پەناهەندەكان و شارەكانی ئیران و سەفارەتەكاندا چاوەروان بوونە ، گەلیك لەوەكەمتر لە نیشتمانەكەی خویاندا ئارامیان بگرتایەو ئەم فرسەتە میژوویەیان لە دەستی خویان نەدایە ، بانیو ئەوەندە قسەی خیروهەولیان بدایە بو نەهیشتنی شەری براكوژی ، بانیو ئەوەندە . . گرژی شەریان خاو بكردایەتەوە .. هەرنیو ئەوەندەی چەند سال چاوەروانی و شارەو

شارو قەرزو فروفیل کە دەرباز بن بو ئەوروپا ، هەر نیو ئەوەندە هەولیان بدایە گەلی باش بوو لە ناو هیزی پیشمەرگەدا ئیستا بەشداری چەندین نەبەردی ها وبەشیان دەکردو ئەشیان توانی جیگەیەکی باش پر بکەنەوە لەکەم و کوری نا و دەزگا کانی شورشدا . ئەوەی لەکورد ستانەوە دوور بی و رزگار ئاسایی بخوری ، نازانی ئیستا خەلکی کورد ستان و هیزی ها وبەشی پیشمەرگە چی بە دووژمن دەکەن !!

دیا رە قسەو جنیوی هەزاران کەس لەدوورەوە وەکوهەولی یەك پیشمەرگە یادوو کاریر نیە هەول بدەن شەری براکوژی نەمینی و گیانی برایەتی و ها وکاری جیگیر بیت .

رزگار عەولا ئاگای لی نیە ، ئەو شورشەی کەئەو پی ی ئەلی ئەبی ( ئاش بەتال ) بکات ، وامەقەر فەوجو مەقەر لوا و ناحیەوقەزاو (٥٠ ـ ٦٠ ـ ٧٠ ـ ١٠٠ ـ ١٢٠ ) رەبیە ئەگری لەیەك هیرشدا ، ئەو شورشەی جەنابی رزگار چاوەروانی ئاش بەتالی لی ئەکات ، ( قەرەداغ ) و ( سەنگاو ) و دووجار ( تەق تەق ) و ( دیگەلە ) و ( هیران ) و ( کانی ماسی ) و ( خورمال ) و ( رەواندز )و(حەریر ) و ( بەرکەورگانی ) ی نزیك سەید صادقەو ( دولی ئاکویان ) و شەری ( قەیوان ماوەت ) و شەقامەکانی ( هەلەبجەو ) گەلی جیگەی تری کونترول کردوەوبە هەزارانی لە دوژمن فەوتاندوە جگە لە شەرەکانی گەرمیان و دەشتی کویەو بادینان و ناوچەجوربەجورەکانی تر ، ئەو شورشەی کە جەنابی رزگاری عەولا ئەیەوی ئاش بەتالی

پکات ، لەگەرمەی (١١) یانزدە روژ شەری ( باواجی ـ بنەبا و ی ـ سەفین ـ هیران ) لەمانگی ئەیلولی ئەمسالدا ، کەچەندین فەوجی عەسکەری و مفاویرو ( ٢٠ ـ ٣٠) فەوجی جاش و دەیان فروکەو سەدان توپ و راجیمەو بومبای عنقودی تیا بەکار هات لەگەل شکاندنی دوژمندا ، لەگەرمەی ئەوشەراندا کە هیزی هەموو لایەنەکانی تیدا بەشدار بوو ، هیزیکی هاوبەش لەناو شاری هەولیردا سەریان لە دوژمن شیواند ، هەر لەگەرمەی ئەو شەرەدا لەپشتی شەرەکەوە هیزیکی هاوبەشی پیشمەرگە لە سەر جادەی ( گومەتال ) قافلەیەکی گەورەی دوژمنیان ویرانکردە سەریەکداو دوژمنیان شکست پی هینا •

ئەو شورشەی کە رزگاری عەولا چاوەروانە ئاش بەتالی لی بکات ، لە ژیر بومبارانی چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی و بومبای عنقودی و هەزاران توپ و راجیمەو ساروخی دوژمندا خوی راگرتووەو پیشمەرگەی هەموو لایەنەکان هاوبەشن لە دیفاع کردندا •• ئیتر با جەنابی کاك رزگار هەر خەوبە ( ئاش بەتال )ەوە ببینی !! ئەوخوی دەمیکە ئاش بەتالی لی کردوە ، ئاشبەتال کردن سیفەتی کەسانی بەزیوی وەکو ئەون نەك سیفەتی پیشمەرگەو شورشگیران •

رزگار عەولا با ئاگایەکی لە راپەرینەکانی جەماوەری کوردستان بی کەلە ( ١٣ / ٥ / ١٩٨٧ ) لە ناوچەی شارەزوورەوە دەستی پی کردو گەیشتە رەواندزو حەریرو هیزی پیشمەرگە پالپشتیان کردو پاشەکشەیان بە دوژمن کرد •

کاك رزگار خوی ( کورد بەتال ) ی لی کردوە !

ئیمە سەنگەری تیکوشان بەر نادەین و جیگمش بو هەمووکەسیك چولە

بیته سەنگەرو دیفاع بکات ، شورشیش گورەپانی خەلکی شورشگیرەو جیگەی خو تاقی کردنەوەیە .

رزگار غەولا ئەیەویت بەتومەت و قسەی ناشیرین بیانوو بە شورش بگرێ ، دیارە جەنابی بەمەقەری پاسداران خوی نەگەیاندوتە ئەوروپاو بەلمە برنج ئاسایی . هەر هەوای سروشت هەلی گرتوە، پیویستە لیرەدا ئەوە بلیین بارو دوخی سەختی شورشی ئیمە و سروشتی جوگرافیای کوردستان زور جار هەندیشت فەرز دەکات بە سەر شورشدا کە خوی نایەوی بیکات ، بەلام گرنگ لەوەدایە هەمیشە بەدلسوزیەوە خزمەت گەلەکەمان بکەن و روژگار هەلسەنگینن لە بەرژەوەندی گەل و نیشتمان .

دیارە ئیمە ئەگەر خاوەنی کەسانی وەک رزگاربین ناچار دەبین یارمەتی لە زور کەسی تر وەربگرین ، ئەو سەنگەرەی ئیستا پاسداری تیدایە هی رزگارە ، ئەگەر ئەو چولی نەکردایە بەوە پر نەئەکرایەوە .

لەکاتیکدا رژیمی فاشی ( ٤٠ ) چل هەزار سەربازی ئوردنی و ( ٢٠ ) بیست هەزار میسری و دەیان هەزار سودانی دەکاتە جاش و هەزاران جاشی کوردیشی هەیەو بە هەزاران سەربازودەرەجە داری هیناوەتەوە کوردستان و زیاتر لە (١٠٠٠) هەزار گوندی ویران کردوەو باخ و رەزو دارستان و کانی و ئاوی نە هیشتوەو بەچەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی دەمان سوتینی ، ناچارئەبین کەلینیک بو هەناسەدان و ژیاندنی پیشمەرگەو تیمارکردنی بریندارو سووتاوەکانمان بدوزینەوە .

حزبی سوسیالیستی کوردستان ـ عیراق روژانه شەهید ئەداتوبریندا ری لەژیر توپ و تەیارەو بومبای کیمیاوی و ئاگرو ئاسندایەو بارەگاکانی پڕن لە دیل و دەسگەوتی نەبەردەکانی پیشمەرگەو روژانە دەیان کەس لەخەلکی لیهاتووی کوردستان دینە ریزەکانیەوە ٠

هەلبەتەوەکو هەر حزب وریکخراویك بەپیی باروودوخ و زروفی سەختی شورش تووشی ناخوشی هاتوە ، بەلام هەرخوی راگرتووەوبەردەوام لەگەمەکردندایە ، ئەو حزبەیەکەخاوەن بریاری سەربەخوی خویەتی وچوك بو هیچ کەسیك و هیچ لایەنیك و هیچ دەولەتیك دانادات ، ئیتر رزگاریعەولا کەباسی سالی ( ١٩٧٩) دەکات گوایە حزبی سوسیالیستی کوردستان/عیراق ویستویەتی چوك بو رژیم دابدات ، ئیمەدەیخەینەوەبیری رزگاروئەوانەی وەکو ئەو بیر دەکەنەوە ، ( ح٠س٠ك ـ ع ) ئەگەرخاوەنی بریاری تایبەتی وسەربەخویی خوی نەبیت ، چون دەتوانی گفت وگوبکات ٠٠ ئەگەر (ح٠س٠ك ـ ع ) کەموخاوەنی چەندکەسیکە ، رژیمیکی خاوەن دەسەلاتی سالی ( ١٩٧٩) بەو هەموو تواناسەربازی وئابووریەوە چون ئامادە بووەگفت و گو لەگەل حزبمان بکاو بیەوی داخوازیەکانیجیبەجی بکات ، بەلام سوسیالیست سەلماندوویەتی کەدروست بوونی پیداویستیکی بابەتی مەوزوعیوخاوەن هیزودەسەلاتی سیاسی خویەتی و ئامادەنیە چوك دابدات ٠ ئامادە نیە بچیتەژیر رکیفی هیچسیاسەت و دەسەلاتیکەوە ، بریاری سەرکردایەتی (ح٠س٠ك ـ ع)هەمیشە لەبەجی هینانی و وەدەست هینانی داخوازیەکانی گەلەکەماندایە ، بەکردەوەیش بەخەباتی بی وچان و قوربانیدان و لەخوبوردونپشتگیریئەکات ، نەك بەچوك دادان ٠

حزبی سوسیالیستی کوردستان ، ئیستا شان بەشان لایەن و حزب و

ریکخراوەکانی تری کوردستان لە گەرمەی خەباتی چەکـــیدراری و سیاسی دایەو لە دژی رژیمی فاشی و دیفـاع کردن لەگەل و نیشتمان .

هەر سەرکەوتن بەرهەمی خەبات و تیکوشان و قوربانی دانە .

له بلاوكراوەكانی دەزگای راگەیاندنی لقی سلیمانی
حزبی سوسیالیستی کوردستان / عیراق

نرخی ٤٠٠ فلسە